**بەیەکەم بەرهەمی تایبەتی خۆی بەناوی (حەریرە) توانی سەرنجی هەموولایەك بۆ خۆی رابکێشێ کە جگە لە گۆرانی گوتن نیگارکێشە و دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، لە دەرفەتێکدا بەمشێوە وڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**
**هێمن قەسرەیی**

## ئاڤان جەمال:

# با هونەر مۆدێرن بێت بە مەرجێک لە دابونەریتی خۆمان دەرنەچێت



**سەرەتا ئاڤان خان گوتی:** راستییەکەی من حەز دەکەم کارەکانم ئەوەندە زۆر نەبێت کە خەڵك لێی بێزار بێت، حەزیش ناکەم ئەوەندە لەسەر شاشە دەربکەوم کە خەڵك لەخۆم و لە دەم و چاوم بێزار بێت. هەموو کات مرۆڤ وا جوانترە لەهەر بوارێکدا بێت کاری وا نەکات زۆر و بۆر بێت، بەڵکو پێویستە کارەکانی کەم بێت و پوخت و جوان بێت، من هەوڵی ئەوەم داوە ئیتر نازانم تاچەند کارەکانم بە پوختی و جوانی گەیشتۆتە لای خەڵك، ئەوە لای خەڵکە لای من نییە بەڵام ئەوە بۆچوونی خۆمە پێم وایە تا کاری کەم و پوخت بکرێت جوانترە لەوەی کاری زۆر و بۆر بێت.

***هەست ناکەی ئەگەر هونەرمەندێك بەڕاستی هونەرمەند بێت و هونەرێکی جوان پێشکەش بکات ئەگەر زۆریش بێ ئەوا هونەرەکەی لای خەڵك هەر خۆشەویست دەبێت؟**

_هونەرمەند یان گۆرانیبێژ یان ئەو کەسەی لەبواری هونەریدا کاردەکات بۆنموونە من کە لەبواری هونەریدا کاردەکەم مەرج نییە هەموو ساڵێك و هەموو کاتێك بتوانم کارێکی نوێ پێشکەش بکەم، چونکە خۆت ئەزانی ئێستا کاری هونەری بەجۆرێك قورس بووە لەسەر شانی گۆرانیبێژان زۆر بەکەمی دەتوانن کار بکەن، لەو بوارەدا لەبەرئەوەی دەرفەت و کاتێکی باشی دەوێت بۆ ئەوەی تەرخانی بکەی بۆ هونەرەکە. ئەمە پرۆڤە و کاتێکی زۆری دەوێت تا تەواو دەبێت و جێبەجێ دەکرێت، ئاڵۆزی زۆرە تا هونەرمەند و موزیکژەنەکان کۆدەکەیتەوە، هەروەها تا کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکان لەستۆدیۆ دیاری دەکرێت. ئەوەی لەهەمووی گرنگترە ئەوەیە ئەگەر هونەرمەند خۆی لەبواری دارایی باش بێت و ئەتوانێت بەئاسانی کارەکانی بکات، بەڵام بەداخەوە هونەرمەندانی ئێرە باری داراییان سنوردارە و بودجەیەکی وایان نییەکە بتوانن کارەکانیان بە جوانی و بە خێرایی ئەنجام بدەن مەگەر کەسێك لەپشتییەوە بێت لەڕووی داراییەوە پشتیوانی و هاوکاری بکات یان خۆی باری دارایی باش بێت



تـــا بتوانێت کارەکـــەی بەجوانی و بەئاســـانی جێبەجێ بکات ئەوە گرفتێکی ترە بۆ ئەو کەسەی لەو بوارەدا کاردەکات، چونکە بژێوی ژیان هەمووی لەسەر پارەیە و ئەگەر پارەش نەبێت کارناکرێت.

## جوانی مەرجی سەرکەوتنی هونەرمەند نییە

***تۆ وەك ئافرەتێك پێت وایە دەرکەوتنی ســـیما و رووخســـاری ئافرەت تاچەند گرنگە بۆ ســـەرکەوتن، ئایا هیچ رۆڵێکی هەیە لە سەرکەوتنی ئافرەت یان تەنیا بەهرە و توانا رۆڵی هەیە؟**

_خۆی ڕاســـتییەکەی لەهونەردا بۆ ئافرەت و پیاو ئەوە گرنگ نییە کە ئەگەر روخسار و لەشولاری جوان بێت یان کەسێکی جوان و دیار بێت ئەوا هونەرەکەی پێش دەکەوێت. چەندین ئافرەتی جوانمان هەیە هونەرەکەی لەدواوەیە، ئافرەتی جیهانیشمان هەیە یان ئافرەتی عەرەبی و وڵاتانی دەوروبەر کەموکوڕییان هەیە لە رووی جوانییەوە و باشـــترین دەنگ و باشترین هونەر و باشـــترین جەماوەری هەیە، بۆیە بە بۆچوونی خۆم مەرج نییە جوانی ببێتە هۆی ســـەرکەوتنی هونەرمەند.

***بەڵام تۆ هەســـت ناکەی هەندێك ئافرەتـــی کورد یان عەرەب دەیانەوێ بەرێگای جەستە ببن بە گۆرانیبێژ؟**

_ئەوەی تۆ باسی ئەکەی لەهەموو شوێنێك هەیە. هەیە لەرێگای دەنگەکەی یان کەسایەتییەکەی ناوبانگ دەردەکات یان بنەماڵەکەی هونەرمەندی تێدایە ئەویش دەیەوێت بەو هۆیەوە پێش بکەوێت هەشە بەهـــۆی جوانییەکەی خۆی دەردەخـــات دەنگی خۆش نییە، بەڵام خەڵك گوێی لێ دەگرێت و جەماوەریشی زۆرە. ئەوە هونەرە هەموو شێوازێکی تێدایە.

***بەڵام هەندێك ئافرەت هونەرێك پێشکەش دەکەن پێیان وایە ئەوە ڕێچکە شکاندنە لەهونەری کوردیدا، ئایا بەڕای تۆ ئەمە ڕاستە و دەتوانین ناوی بنێین رێچکە شکاندن؟**

_من حەز ناکەم زۆر لەســـەر ئەو بابەتەقســـە بکەم، بەڵام هەر، کەســـێك بەشـــێوازێك کار دەکات وای پێ جوانە ڕێچکە بشکێنێت، بەڵام ڕێچکە شکاندن بەوە نییە کە ئەگەر بمانەوێت هونەری کوردی بەرەو پێش ببەین بێین بەشێوازێکی تر کلیپ بکەین و گۆرانی بڵێین و هونەرەکەمان پیشـــانی جەماوەر بدەین ئەوە مەرج نییە. ئەتوانین زیاتر بایەخ بەهونەرەکەمان بدەین بەشـــێوازی جوانتر، کێشـــە نییە بـــا مۆدێرن بێت، بەڵام پێویســـتە لە شـــێواز و دابونەریتی خۆمان دەرنەچێت. من بە شەخســـی خۆم وەهام پێ جوانترە تەنانەت ئەگەر بیر لەوەش بکەمەوە ئەگـــەر کلیپ بکەم بەپێی توانا هەرچەند پێم بکرێـــت نامەوێت لە دابونەریت بچمە دەرەوە. با ڕێچکەش بشـــکێنم بەڵام مەرج نییە ئەو ڕێچکە شکاندنە بەشێوازێکی جوان نەبێت یان قبوڵ نەکرێت لەکۆمەڵگای کوردەواری خۆمان دا.

***هونەر و بازرگانی لەجیهاندا دوو شتی بەیەکەوە گرێدراون یان هونەر هۆیەکە بـــۆ بازرگانیکردن، تۆ وەك هونەرمەندێکی ئافرەتی کـــورد پەیوەندی هونەر و بازرگانی یاخود بازرگانی کردن بە هونەر چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

_ڕاستە ئێســـتا زۆرینەی هونەر بۆتە بازرگانی کردن، زۆربەی هونەرمەندان و ئەوانـــەی لەو بوارەدا کاردەکەن ناڵێم هەمووی بەڵام تاڕادەیەك هونەرەکەیان بـــووە بە بازرگانی، بۆنموونە چەندین کەس لەئەوروپـــا دێنەوە حەزناکـــەم ناویان بهێنم لەوانەیە چەندین شـــار بگەڕێت و کۆنســـێرت بکات، بەمەش برە پارەیەکی باشـــیان دەست دەکەوێت، خۆ ئەوە نابێتە کێشـــە، چونکـــە هونەرمەندیش وای لێ هاتـــووە کارێکی تری نییە و بەهـــۆی هونەرەکەیەوە بژێوی ژیانی دابین دەکات. ئەگەر من حـــەز بکەم بازرگانی بەکارەکەمەوە بکەم و بمەوێت کارەکەم ســـوودی هەبێت بۆ ژیانی خـــۆم، خۆم ماندوو دەکـــەم لـــەو کارەدا و ماوەیەکی زۆر ئەمێنمەوە تـــا تەواوی بکەم ئەگەر ســـوودێکی ماددیشـــی لێ بکەم نابێت بڵێـــم من کاردەکەم لەپێنـــاو پارە، من دەبێت کارێکی هونەری باش پێشـــکەش بکەم و لەرووی ماددیشەوە سوودی بۆمن هەبێت بەمەرجێك کارەکە لەڕووی هونەرییەوە باش بێت و ببێتە جێگای ڕەزامەندی جەماوەر نەك تەنیا لەپێناو پارەدا کار بکەین.

*** بازرگانـــی کردن بە هونـــەر وەك ئەوەی تۆ باســـی دەکەی بەشـــێوەیەکی ڕاســـت و دوورنەکەوتنەوە لەهونەری کوردی نابێتە هۆکارێك بۆ پێشـــکەوتنی هونەر بۆ ئەوەی تۆ بەرهەمێکی باشتر پێشکەش بکەی؟**

_بەڵـــێ پێش دەکـــەوێ، چونکە من ئەگەر ئـــەوە بکەم هەوڵ دەدەم کاری جوانتر و باشـــتر پێشـــکەش بکەم و ئەو سوودەی لەوەدا کردوومە ئەتوانم کارێکی جوانتری پێ ئەنجام بدەم. بۆنموونە ئەگەر بەهۆی کۆنسێرتێك پارەیەکی باشم دەستکەوێت ئەتوانم بۆ جارێکی تر موزیکژەنی باشـــتر کۆبکەمەوە و زیاتریش هاوکاریان بکەم ئەمە ئەگەر مەبەستم پێشخستنی هونەرەکەم بێت، بەڵام ئەگەر مەبەستم تەنیا پارەکە بێت ئەوەیان جیایە. بەڕاســـتی ئەوە هونەرەکەشت پێش دەخات و خۆشـــت ئەتوانی باشـــتر کار بکەیت لەهەمان کاتیشـــدا هاندەرێکە بۆ خۆت بەوەی ئەو ڕەنج و ماندووبوونە بێ سوود نییە.

## هونەری پیاو و ئافرەت یەک هونەرە

***ئایـــا دەتوانین بڵێین دوو هونـــەر هەیە لەناو کورد دا، هونەری پیاو و هونەری ئافرەت؟**

_مـــن وانابینم کـــە دوو هونەر هەبێت یەکیان هـــی پیاو بێت و ئەویتریـــان هی ئافـــرەت، هونەر هەر هونەرە، بـــەڵام دوو ڕەگەزی جیاواز پێشکەشی دەکەن، گرنگ ئەوەیە کامیان بەشێوازێکی باشتر ئەچێتـــە لای خەڵك. چەندین هونەرمەندی پیـــاو کاری هونەریان جوانتر بووە لە هی ئافرەت یان بە پێچەوانەوە هی ئافرەت لەهی پیاو جوانتر بووە، هونەری پیاو و ئافرەت هەر هونەرە مەگەر تەنیا لەیەك شـــتی بچووکدا جیایان بکەیتەوە ئەویـــش هۆنراوەکەیەتی، بەهۆی تێکســـتەکەوە دیاردەکەوێت ئەمە پیاوە بۆ ئافرەت گۆرانییەکە دەڵێت یان ئافرەتە بۆپیاو گۆرانی دەڵێت ئەمەش لەحاڵەتێکی کەم دا.

***بەڕای تۆ ئافرەتە هونەرمەندەکان گەیشـــتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو تێکســـتەی دەیڵێن تایبەت بێت بە ئافرەت؟پێشتر ئەمە نەبوو تۆ چۆن دەی بینی؟**

_مـــن هەموو کات وەهام پێ باش بووە کە ئافرەت شـــتێکی وا نەڵێت کە بەســـەر پیاودا بشـــکێتەوە بۆنموونە من ئێســـتا کارێکی فۆلکلۆری ئەڵێمەوە بەردەوام هەوڵی ئەوەم داوە تا وشەی ئافرەتانەی تێـــدا بێت زیاتر هەڵی بژێرم وەك لەوشـــەی پیاوانە، چونکە بۆ من جوان نییە ئەگەر شـــتێکی تایبەت بێت بۆنموونە بەسەر هاوڕێیەکی خۆم بڵێم و بەشـــان و باڵی هەڵبـــدەم ئەمە جیاوازە، بەڵام ئەگەر بە کۆمەڵێك شتی ناسروشتی ئافرەت هەڵبدەم ئەوەش بۆ من جوان نییە لای هەموو کەس ئاشـــکرایە بۆ ئافرەت جوان نییە باسی لەشولار و جەســـتە بکات بەڵام کاری هونەری وا پێویست ئەکات وەکو خۆی

●●●
**حەز ناکەم ئەوەندە دەربکەوم کە خەڵک لێم بێزار بێت**
●●●

●●●
**هونەرمەندی ئێمە دەبێ باری دارایی باش بێت یان کەسێکی لەپشتەوە بێت تا کارێکی باش پێشکەش بکات**
●●●

**بۆ ئافرەت جوان نییە باسی لەشولار و جەستە بکات، بەڵام کاری هونەری وا پێویست ئەکات وەکو خۆی بگوترێت**

بگوترێت کە ئەو کارەشم کردووە تاڕادەیەك هەندێ وشە و کۆپلە کە تێیدا بووە لام بردووە و هەندێ بڕگەی فۆلکلۆری ترم بۆ زیاد کردووە نەك هۆنراوەی تازەی بۆ دابنێم.

***ئەو گروپ و تیپە هونەریانەی تایبەتن بە ئافرەتان چ ڕۆڵێکیان هەبووە بۆ پێشخستنی زیاتری ئافرەتە هونەرمەندەکان؟**

## هونەرمەندان فەرمانبەرن بازرگان نین

_هەڵبەتە ئەگەر بچووکیش بێت ئەوا هەنگاوێکیان ناوە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەرەو باشتر بڕوات و ئافرەتی کورد لەبواری هونەردا ڕووی لەزیادبوون بێت، ئەو گروپانە کاریگەرییان هەبووە بۆ زیادبوونی هونەرمەندی ئافرەت.

***نەبوونی کۆمپانیا یان نەبوونی شوێنێك بۆ ڕێکخستنی کاروباری هونەرمەندان چ ئاستەنگێکی خستۆتە بەردەم هونەرمەندان؟ ئایا نەبوونی کۆمپانیا و کۆپی کردنی بەرهەمی هونەرمەندان دەتوانین لەیەك خانەدا دابنێین لەڕووی زیان گەیاندن بەهونەری کوردی؟**



_نەبوونی ئەو کۆمپانیایانە زۆر کەلێنی خستۆتە ناو هونەری کوردی و گۆرانیبێژان بەتایبەتی، چونکە گۆرانیبێژان ناتوانن بەتەنیا هەموو شتێك بکەن. هەروەك گوتم ڕێژەیەکی مامناوەندییان هەیە لە ڕووی پارەوە کە ژیانی خۆیان و هونەرەکەیانی پێ بەڕێوە ئەبەن. زۆربەی هونەرمەندان فەرمانبەری حکومی ئاسایین هیچیان بازرگانێکی وا نین کە بتوانن سەرجەم کارەکانیان بەباشی بەڕێوە بەرن. ئێستا ئەگەر لە باشوری کوردستان چەند کۆمپانیای بچووکیش بوونیان هەبوایە ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ هونەرمەندان دەکرد، ئەگەر هیچ نەبێت پاڵپشتیان لەهونەرمەندان دەکرد بۆئەوەی مافیان نەخورێت و بەو داماوییە کار نەکەن. بۆنموونە من ئەوە نزیکەی پێنج ساڵە خەریکی تەواوکردنی سیدیەکم ئەگەر پاڵپشتیم لەوە باشتر هەبوایە و لەڕووی داراییەوە زۆر باشتر بوومایەزووتر کارەکانم تەواو دەکرد. هەرچەندە هاوکاری من کراوە، بەڵام زۆر کەس هەیە هاوکاریشی نەکراوە. بۆیە بوونی ئەو کۆمپانیایانە هۆیەکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند و کۆمپانیایەکەش سوودی لێ دەبینێت، هەروەها هونەری کوردیشی پێ دەوڵەمەند دەبێت.

***ئەو گرفتە چۆن چارەسەر دەبێت؟**

_چارەسەرەکەی چییە هەر ئەوەندەیە ئەو کەسانەی بیر لەدروستکردنی تەلاری بەرز بۆ ڕێستورانت و هۆتێل و سوپەرماکێت دەکەنەوە سوود لەوە دەبینن زۆر لەوانەی باڵادەستن و لەشوێنە حکومییەکان کاردەکەن یان هونەرمەندن و دەسەڵاتیان هەیە ئەتوانن ئەو کۆمپانیایانە دابنێن خۆ ئەوەندە زۆری تێناچێت وەزارەتی رۆشنبیری ئەتوانێ ئەو کارە بکات بەدانانی یەك دوو دەزگای تایبەت بەو بوارە بەم جۆرە هونەرمەندەکە و وەزارەت و خەڵك سوودمەند دەبێت

## ڕێکخراوی هونەرمەندان دەسەڵاتیان سنووردارە

***ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان چ ڕۆڵێکی هەیە لەم ڕووەوە؟**

_وەك خۆم هیچ سوودێکی وام لێیان نەبینیوە کە بتوانم کارێکی هونەری خۆمی پێ بکەم، چونکە بەراستی ڕێکخراوی هونەرمەندان دەسەڵاتێکی سنورداریان هەیە و لەوانەیە لەتوانای ئەوان دا نەبێت، لەوانەیە ئەوانیش ئەو داوایانەیان خستبێتە بەردەستی دەسەڵاتداران، بەڵام بۆیان جێبەجێ نەکراوە و لەوانەیە لەدەسەڵاتی ئەوان نەبووبێت.

***ئەو کۆنسێرتانەی لەگەڵ کاك حەمە ڕەئوف کەرکوکی ئەنجامتان دا بیرۆکەکەی چۆن بوو؟ کێ هاوکاری ئێوەی کرد؟**

_بیرۆکەکە هی من و کاك حەمەڕەئوف کەرکوکی بوو، دواتر چووینە لای توانا حەمە خورشید ئومان کرد بەسەرپەرشتیاری گروپ و دوای ئەوە لەگەڵ کاك عەبدولعەزیز بەڕێوەبەری تیپی هونەرە میللییەکانی سلێمانی گفتوگۆمان کرد و ئەویش بەخۆشحاڵییەوە حەزی کرد کارەکەمان بۆ بکات. بەسوپاسەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری کارەکەیان بۆ کردین کەواتە وەزارەتی رۆشنبیری خۆی سەرپەرشتی کرد و بودجەکەی لەلایەن ئەوانەوە ئامادەکرابوو.

***بەنیاز نین لەهەولێر و دهۆکیش ئەو کارە بکەن؟**

_هەروەك باسم کردبەنیازم بەڵام ئەگەر کارێکی جدی بۆ نەکرێت ڕەنگە نەتوانین بیکەین.

*** ئەو هونەرمەندانەی لەسەرەتادا کاریگەریان لەسەر تۆ هەبوو ئافرەت بوون یان پیاو؟**

_ من گوێم لەهەردوو لا دەگرت زیاتر لە لەیلا فەریقی، ناسری ڕەزازی،مامۆستا حەمەساڵح دیلان،مامۆستا تاهیر تۆفیق،مامۆستا عەلی مەردان زیاتر گوێم لەوانە دەگرت گوێم لەعەرەب و تورك و فارس گرتووە حەزم کردووە گوێ لەهەموویان بگرم، بەڵام کەسێکی تایبەتی نەبووە کە تەنیا گوێ لەدەنگی ئەو بگرم.



هیلدا خەلیفە یەکێکە لە پێشکەشکارە هەرە سەرکەوتووەکانی بەرنامەکان لە لوبنان و زیاتر بە بەرنامەی ستار ئەکادیمی ناوبانگی دەرکرد و جەماوەر زیاتر پێی ئاشنا بوو، بەڵام بەر لەو بەرنامەیەش چەندین بەرنامەی دیکەی پێشکەش کردووە، ئەمەش وای کرد شارەزاییەکی زۆر پەیدا بکات، هەرچەندە هاتنی هیلدا بۆ نێوجیهانی راگەیاندن بە رێکەوت بوو دوای ئەوەی بە شاجوانی زانکۆی (ئێن. دی .یۆ) هەڵبژێردرا و یەکێك لەوانەی فیستیڤاڵی کانی سینەمایی گواستەوە بۆ کەناڵی (LBC)ی لوبنانی، لە پەیوەندییەکدا هیلدا خەلیفە بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

## هیلدا:

# کارێک بزانم تێیدا سەرکەوتوو نابم نایکەم

## راگرتنی دڵی جەماوەر پێوەری سەرکەوتنە

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

*** هەڵبژاردنی تۆ بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی ستار ئەکادیمی چۆن بوو؟**

- دیارە سەرپەرشتیارانی بەرنامەکە منیان بینی بوو و شێوازی پێشکەشکردنی منیان بە دڵ بوو، بۆیە منیان دەست نیشان کرد؟

*** هەستت بە چی کرد؟**

- هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد ئەویش لەبەر ئەوە نەبوو کە من بەرنامەك پێشکەش دەکەم، بەڵام هەستم بە خۆشی کرد کاتێك دەبینم لوبنان پریەتی لە بێژەر و پێشکەشکاری زۆر بە توانا و لە نێو هەموویان من دەستنیشان بکرێم.

*** ئەی ترست لە بەرنامەکە نەبوو؟**

- هەر کارێك تۆ سەرەتا بیکەی جۆرە ترسێکت لا دروست دەکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەوڵمدا بە باشترین شێوە پێشکەشی بکەم، ئەوە بوو چۆنیەتی پێشکەشکردنی من بۆ بەرنامەکە بە دڵی جەماوەر و سەرپەرشتیاری بەرنامەکە بوو و توانیم تێیدا سەرکەوتوو بم.

*** کام وەرزت زیاتر پێخۆش بوو؟**

- ناتوانم بڵێم وەرزێکی دیاریکراو باشترین وەرز بووە لای من یان هەندێك کەس دەستنیشان بکەم و بڵێم ئەمانە باشترین ئەو کەسانە بوون کە بەشدارییان کرد، چونکە هەموو وەرزەکان بۆ من خۆش بوون و هەر یەکیان تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەبوو، بە هەمان شێوە بەشداربووەکانیش کە لەگەڵ هەر گرووپێکیان چەند یادگارییەکی خۆشمان هەیە و زەحمەتە بتوانین وا بە ئاسانی لە یادیان بکەین، تا ئێستاش من پەیوەندیم لەگەڵ هەندێکیان هەر ماوە و زوو زوو هەواڵی یەکتری دەپرسین.

*** چ جیاوازییەك هەبووە لە نێوان وەرزەکان؟**

- جیاوازی زۆری هەبووە بەتایبەتی وەرزی یەکەم، چونکە ئەو کات هێشتا بینەران ئاشنای ئەم جۆرە بەرنامانە نەبوون بۆ وەرزەکانی دواتر گۆڕانکاری زۆر هاتە ئاراوە، جەماوەر زیاتر حەزیان دەکرد ببینن و ئاگاداری وردەکارییەکان بن، بە هەمان شێوە بۆ بەشداربووانیش.



*** بە بڕوای تۆ بێژەر یان پێشکەشکاری سەرکەوتوو کێیە؟**

- پێشکەشکاری سەرکەوتوو زۆر مەرجی هەیە، بەڵام پێوەری سەرکەوتنی پێشکەشکار ئەوەیە چۆن بتوانێت بکەوێتە دڵی جەماوەرەوە و وایان لێبکات لە بینینی بێزار نەبن بە پێچەوانەوە بەردەوام حەز بکەن ببینن لەسەر شاشە، بێگومان لەمەشدا زۆر هۆکار هەیە بۆ ئەوەی پێشکەشکار بتوانێت ئەمە بکات لەوانە لێهاتوویی و بەهرەمەندی لە قسەکردن و تێگەیشتنی بۆ جەماوەر، ناکرێ ئەوەش لەبیر بکەین کە روخساریش رۆڵی هەیە لەم بوارەدا بەتایبەتی بۆ ئافرەتان.

*** تۆ خۆت چۆن توانیوتە شوێنی خۆت لە دڵی جەماوەردا بکەیتەوە؟**

- ئەم پرسیارە جەماوەر وەڵامی بداتەوە باشترە، چونکە قسەی من بۆ خۆم نابێتە پێوەر، هەروەها من ئەگەر هەندێك لە کەموکوری و خاڵە ئیجابییەکانی خۆشم ببینم ئەوا وەك بینەر نایبینم، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم من لە هەر کارێکدا ئەنجامی بدەم خۆم زۆر ماندوو دەکەم و هەوڵ دەدەم تێیدا سەرکەوتوو بم و باشترین شێوە و کەمترین هەڵە و کەموکوڕی دەرکەوم لەسەر شاشە.

*** تا چەند بەو بەرنامەیە بەسترایتەوە؟**

- من گرنگییەکی زۆری پێ دەدەم و کاتێکی زۆر بۆ بەرنامەکە تەرخان دەکەم، بۆ ئەوەی تێیدا سەرکەوتوو بووم، چونکە ئەم بەرنامەیە ئێستا بووەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانیمن و کاتێکی زۆری لێ بردووم کە رەنگە هەندێك جار کاریگەریی بەسەر خێزان و منداڵەکانی منەوە هەبووبێتن بەڵام ئەو کاریگەرییە زۆر نەبووە.

*** چۆن هەڵەکانی خۆت بۆ دەستنیشان دەکرێت لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە؟**

- زۆر جار ئەو کاتەم نییە کە بەدواداچوونێکی خۆم بکەم چونکە من بەشێوەی راستەوخۆ ناتوانم بەرنامەکە ببینم، بۆیە زۆر جار خزم و کەس و برادەرەکانم ئەگەر هەڵەیەکم کردبێت یان کەموکورییەکم هەبووبێت پێم دەڵێن.

*** لە دیمانەیەکدا باسی ئەوەت کردبوو کە لە رێگای ستار ئەکادیمییەوە فێری زمانی عەرەبی بووی؟**

- نەخێر نەمگوتبوو لە رێگای ستار ئەکادیمییەوە فێرەی زمانی عەرەبی بووم، بەڵکو باسی ئەوەم کردبوو کە ئەو بەرنامەیە بووە هۆی ئەوەی زمانی عەرەبیم باشتر بێت و شارەزایی زیاتری دەربارەی پەیدا بکەم، چونکە پێشتر ئەوەندە زۆرە لە بەرنامەکاندا دەرفەتی ئەوەم نەبوو بە عەرەبی قسە بکەم و زۆر ئەو راپۆرتانەی لە ئاهەنگە و فیستیڤاڵەکاندا پێشکەشم دەکردن بە زمانی ئینگلیزی بوون نەك بە عەرەبی.

*** چ جۆرە بەرنامەیەك دەتوانی پێشکەش بکەی؟**

- پێشکەشکاری یان بێژەری سەرکەوتوو پێویستە ئامادەیی ئەوەی هەبێت هەموو جۆرە بەرنامەیەك پێشکەش بکات لە هەر کات و ساتێکدا بێت، منیش ئامادەم بۆ پێشکەشکردنی هەر بەرنامەیەك کە پێم بسپێرن و بزانم تێیدا سەرکەوتوو دەبم، بەڵام ئەگەر زانیم کارێکم پێ دەسپێرن و لە توانامدا نییە بە تەواوی جێبەجێی بکەم یان تێیدا سەرکەوتوو بووم ئەوا پێشتر ڕەتی دەکەمەوە.

*** چۆن خۆت ئامادە دەکەی بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکان؟**

- بەرنامەکەی منیش وەك هەر بەرنامەیەکی دیکەی ئاسایی پێویستی بە خۆ ئامادە کردن هەیە، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی پێشکەشی بکەم.

*** چ جاری وا هەبووە حەزت کردبێت یەکێك لە بەشداربووان یەکەم بێت یان سەرکەوتوو بێت؟**

- من دەنگی زۆر لە بەشداربووەکانم بە دڵ بووە و زۆریش گوێم لێیان گرتووە، بەڵام من هەمیشە هەوڵمداوە خۆم بە هەموو شێوەیەك بێلایەن بمێنمەوە و ئەگەرچی حەزیشم لە دەنگی یەکێك بووبێت ئەوا نەمهێشتووە نە ئەو بزانێت نە کەسی دیکەش بیزانێت یۆ ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە کار نەکات سەر ئەو و بەشداربووانی تریش، دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە زۆر لە بەشداربووان خاوەن دەنگ و توان و بەهرەی هونەری زۆر بەرز بوون ئەگەر کەسێکی هەبێت هاوکارییان بکات یان هیچ نەبێت ببێتە هۆی دەرکەوتنیان، زۆر لە بەشداربووانیش ئێستا هونەرمەندن و خەریکی کاری گوتنن.

*** تا هەتایە لەو بەرنامەیە بەردەوام دەبی؟**

- بێگومان نەخێر، چونکە نەك من بەڵکو هیچ کەسێك تا هەتایە لە کارێك بەردەوام نابێت، ئەگەر لە داهاتوودا بەرنامەیەکی باشتر هەبێت دوور نییە ڕووی تێبکەم و ستار ئەکادیمی جێبهێڵم، یان لەوانەیە سەرپەرشتیارانی بەرنامە پێیان باش بێت من بگۆڕن و یەکێکی دیکە بهێنن، ئەو کاتەش ڕەنگە بەردەوام نەبم لەگەڵی، بەڵام ئێستا بیر لەو شتانە ناکەمەوە و حەزیش ناکەم ئەو کارە بکەم.

*** لە ستار ئەکادیمی چی فێر بووی؟**

- دوای ئەو هەموو ساڵە لە پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە بێگومان شارەزاییەکی زۆرم پەیدا کردووە و وەك پێشتریش گوتم هەوڵ دەدەم کەمترین هەڵە بکەم.

*** ئێمە لە کوردستانی عێراق بەرنامەی هاوشێوەی ستار ئەکادیمیمان هەیە، چون دەتوانین بەرنامەکانمان وا لێ بکەین بگاتە ئاستی ستار ئەکادیمی؟**

- ستار ئەکادیمی تەنیا بەرنامەیەك نییە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی ئەستێرەکانی گۆرانی یان ئەوانەی خاوەن بەهرەی هونەرین، بەڵام کەسێك نییە بەهرەکانیان بە خەڵك ڕابگەیەنی و پێیان ئاشنا بکات، بێگومان ئێوەش دەتوانن سوود لە بەرنامەی ستار ئەکادیمی و بەرنامە هاوشێوەکانی ببینن لە هەموو ڕووەیەکەوە بۆ پێشخستنی بەرنامەکانتان.

*** گوێ لە کێ دەگری؟**

- ئەگەر کاتم هەبێت گوێ لە گۆرانییە کۆنەکان دەگرم، بە هەمان شێوە گوێ لە گەنجەکان و گۆرانی ئینگلیزیش دەگرم.

*** ئایا شارەزاییت هەیە لە هونەری گەلانی دیکە؟**

- نەخێر شارەزاییەکی ئەوتۆم نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی بەشدارییان لە بەرنامەی ستار ئەکادیمیدا دەکەن هەریەکیان لە وڵاتێکی عەرەبییەوە هاتووە و هەڵگری ڕۆشنبیر و کلتووری جیاوازن، بۆیە تا ڕادەیەك زانیاریم پەیدا کردووە دەربارەی هونەری میللی ئەو گەلانە.


*** ستار ئەکادیمی وای لێنەکردووی فریای هەندێك شت نەکەوی؟**

- بێگومان کاتێکی زۆری لێ بردووم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من گرنگی بە تەندروستی خۆم دەدەم و ڕۆژانە بە کاتێکی دیاریکراوە وەرزش دەکەم، و ماڵ و منداڵیشم بە یەکجاری فەرامۆش نەکردووە.

*** ئەو توانایەت هەیە کاری نواندن بکەیت؟**

- ئێستا بیر لەو کارە ناکەمەوە، بەڵام من پێشتر لە پێشکەشکردنی ڕیکلامدا بەشداریم کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە نواندنێکە.





**پێوەری سەرکەوتنی پێشکەشکار ئەوەیە چۆن بتوانێت بکەوێتە دڵی جەماوەرە و وایان لێبکات لە بینینی بێزار نەبن**

**هیچ کەسێک تا هەتایە لە کارێک بەردەوام نابێت، ئەگەر لە داهاتوودا بەرنامەیەکی باشتر هەبێت دوور نییە ڕووی تێبکەم و ستار ئەکادیمی جێبهێڵم**